## بەوێنە....فەرماندەی گشتی بەشداری لە نمایشی یادی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیس دەکات



ئەمڕۆ سێشەممە، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان محەممەد شیاع سودانی بە بۆنەی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق بەشداری نمایشی سەربازی کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە,, بە پاڵپشتی و ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ بە بۆنەی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیس عێراقییە، نمایشێکی سەربازی لە کۆلێژی پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەچوو.

ئاماژەی بەوەشکرد" یەکە و فەوجەکان وکارمەندانی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەچەك و تواناکانیەوە لەبەردەم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان نمایشکران، لە دیمەنێکدا کە گوزارشت لەو توانا و کارامەیی گەورەیی و بەهرەمەندی و پاڵەوانەکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکرد، نمایشەکە کۆمەڵێک چالاکی لەخۆگرتبوو کە دەربڕین لەتوانا و کاری پێکهاتەکانی وەزارەتەکە دەکرد.

هەروەها وتی" لەم نمایشەدا ژمارەیەک وەزیر و سەرکردەی ئەمنی و سەرۆکی سەندیکا و فیدراسیۆنەکان و نوێنەری نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لەعێراق ئامادەبوون".

